# عەلاوی لە یەکەمین هەڵمەتی بۆ دیموکراسیدا 6 لاوی دەست کەلەپچەکراو گوللەباران دەکات !!

عبدالله مەحمود

بەپێ ی ڕاپۆرتێك کە ڕوژنامەی "سیدنی هرالد مورنینگ" ی ئوسترالیا بلاوی کردۆتەوە،ئەیادعەلاوی سەرۆکی حکومەتی کاتی ئێستای عێراق،شەش ڕۆژ بەر لەوەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت شەش لاوی دەست کەلەپچەکراوی بە تۆمەتی کاری تێکدەرانە لە یەکێك لە بنکەکانی پۆلیسی عەمارە بەدەستی خۆی گوللەباران کردووە،کە 16 پاسەوانی عێراقی و چوار ئەمریکی و وەزیری دەوڵەت(فەلاح نەجیب)شاهیدی ئەم نمایشە قێزەونە بوون.ناوی چەند کەس لەکوژراوەکان کە ڕۆژنامەکە بلاوی کردوتەوە ئەمانەن:ئەحمەد عبدالله ئیحسام،عمر لتفی محەمەد،ئەحمەد القدسی،ولید ئەحمەد سامەرایی...کە دوای کوشتنیان لە لایەن پاسەوانەکانی عەلاویەوە سواری سەیارەیەکی نیسان کراون و لە نزیك ئەبوغریبی بەغدا ژێرخاککراون.جێگای ئاماژە بۆکردنە کە دوای ئەم دڕندەیە وەزیری دەوڵەت پیرۆزبایی لە عەلاوی دەکات.

ئەمە یەکەمین دیاری کۆنەبەعسی تازە بەدەسەلاتگەیشتوی دوای سەدام و علی کیمیایی یە،ئەمە یەکەم دیاری و بەیعەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەتی عیراقیە!!،ئەمە یەکەم کارنامەی ئاشکرابووی بەعسیزمی عەلاوی یە کە دوای 33ساڵ گەرانەوەی بۆ عێراق ئەنجامیدا،ئەمە یەکەمین کارنامەی کاندیدی ئەمریکی یە بۆ سەروکی حکومەت،ئەمە سەرەتای ئەو نمایشە قیزەونەیە کە خەڵکی بێئیرادەکراوو نیوەمردوی دەستی بەعس و جەنگخوازی ئەمریکی ئۆپۆزیسیۆنە نۆکەرەکەی دەبێ دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم بکەن.

**ئێستا پرسیار ئەوەیە، ئەم حکومەت و دەوڵەتەی قوتکراوەتەوە ئەگەر شانسی شەرعیەتی وەرگرتن،وە پێگرتن وجێگیربوونی بۆ بچەسپێ، ئەگەر کەنار نەخرێ و ڕەوانەی ئەرشیفی مێژووی ناوئینسانکوژودرەندەکان نەکرێ،دەبێ چ بەڵایەکی سامناك بەسەر سەری خەڵکی عێراق و ناوچەکە بێنن. بێگومان ئەگەر ئەم دەوڵەت و حکومەتە کە سیماو ناوەرۆکی قەوم ودین وتایفەیەو لەسەر بنەمای جەنگخوازی و کرێگرتەیی و ویرانەیی کۆمەڵگا،پێکهاتووە،رەئیسی دەوڵەتی عەشایەر و سەروکی حکومەتی کۆنەبەعسی و سی ئای ئەیە، یاسای بەڕێوەبردنی کاتیەکەی قەومچێتی و باڵادەستی دینی وشێوەی پێکهاتەکەی فدرالیزمی قەومی و هێزەکانی پێکهێنەری کۆنەپەرست و دژی ئینسانی بن،بەڕاستی دووبارە بوونەوەی هەمان دەسەڵاتی فاشیزمی بەعس،بە پشتیوانی ئەمریکای لانکی دیموکراسی!!نیە؟.**

**رێگا گرتن لەو کابوسە سەرەتایی و خاوە، کەنارخستنی کابوسەکەیە هەرئیستا، وەدانی ئەکتەرەکانیەتی بەدادگایەکی عادلانەی جەماوەری و کەیەکەمین ئەکتەری سەرشانۆی دادگایەکە دەبێ عەلاوی بێت و لەپاڵ سەدام حسین و علی کیمیایی و.....دابنرێت.**

2004/7/30